الاتحاد العام للاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

## ڕاگەیاندی ڕۆژنامەگەری -٢-

# لە پەیوەند بە ٣٥ پەنابەری کوردی عیراقی یەوە لە کارەساتەکەی ئەم ڕۆژانەدا

هەروەك لە بەرواری ٢٣ / ١ / ٢٠٠٣دا ئاگادارمان کردنەوە کە لە هەفتەی ڕابردودا ٣٥ پەنابەری کوردو عیراقی کە بە کەشتی ویستیان بگەنە ئیتالیا بەهۆی لەکار کەوتنی کەشتی یەکەوە لە جەزیرەی (( سانتاماریا ))، سەرئەنجام ٣٠ پەنابەرو شوفێرێکی کەشتی یەکە، کە خەلکی یونان بووە گیانیان لە دەست دا.

لەم بارەوە وەك ئاگادارن کە هاوکات لەگەل ئەم ڕووداوەدا لیژنەیەکی بەدواچوون لەلایەن فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە گەرماوگەرم خۆی گەیاندنە ئیتالیا بۆ لیکۆلینەوە لە چارەنووسی ئەم ئینسانانە، گە پیکهاتبوو لە هاوری یان جوتیار ڕوف ، فواد عزیز، تەحسین کریم ، بە هاوکاری لیپسروای تەشکیلاتی حیزبی کومۆنیستی کریکاری عیراق لە ئیتالیا ، هاوری جەبار محمد.

بەپی دواین لێکولینەوەو زانیاری یەك کە لەلایەن ئەم لیژنەیەوە بە دەستمان گەشتووە تا ئیستا جیاواز لە ناسینەوەی ئەو (٥) کەسەی کە ماون هەروەها ناوی ٢١ کەس لەو پەنابەرانەی کە گیانیان لە دەست داوە دەستنیشان کراوە، وە لە تێکرای سەرژمێری پەنابەراندا تا ئیستا تەنها (٧) کەس لاشەکانیان دۆزراوەتەوە. بە پێی دواین هەوالی شارەزانیان بۆ دۆزینەوەی لاشەی ئەم کەسانە بە داخەوە کەمترین ئومیدێك بۆ دۆزینەوەی لاشەکانیان پێشبینی دەکرێت و احتنالی ئەوە لێ دەدرێت کە ژێر ئاو کەوتبن. تیبینی ئەوە بکەن کە بەهۆی ئەوەی ئەم کەسانە خەلکی شارو ناوچەی جیاواز بوون زیاتر توانراوە کە تەنها ناوی کەسەکان خۆیان بخریتە ڕوو کە بەداخەوە ناوی ٩ کەسیان هەر نەزانراوە.

ئەم ٢١ ناوە ناوی بەشێك لەو کەسانەن کە لەم کارەساتەدا گیان لە دەست داوە، کە تا ئیستا تەنها ٧ کەسیان لاشەکانیان دۆزراوەتەوەو لە نێو ئەوانەشدا تەنها ناوی٣ کەسیان زانراوە. کە بەم شێوەیە : ١ – محمد توفیق ٢– مام قاسم کۆیی ٣– یوسف منتك.

ناوی قوربانی کارەساتەکە بەم جۆرەیە:

١. نەجم الدبن خەلکی – سلیمانی
٢. خالد – دوزخورماتو
٣. محمد تۆفیق
٤. هێمن کانی سکانی
٥. سەرکەوت عبدلله – هەلەبجە
٦. کۆیار – هەورامی
٧. شیروان محمد – هەولیر
٨. غاوی گەرەکی – حي عدل هەولیر
٩. ئامانج – هەولیر
١٠. هیدایەت و سیامەند – هەولیر
١١. عباس غفور فەرج – سلیمانی
١٢. ئازاد – گەرەکی حي عدل هەولیر
١٣. قارمان مستەفا – دوزخوماتو
١٤. شیروان جەلال محمد – سلیمانی
١٥. محسین حەمەکریم – سلیمانی
١٦. هێمن عباس
١٧. مام قاسم
١٨. هەژار حاجی منتك هەولیر
١٩. بەختیار – هەولیر
٢٠. یوسف – هەولیر
٢١. کورێکی بادیکی

هەروەها ئەو پێنج کەسەی کە ماون لە خەستەخانەی Tricase ئەمانەن : – جمعة محمود کرکوك دانیشتوی هەولیر ٢– شەوکەت سعید سلیمانی ٣ – حسن سلیمانی ٤– دلشاد غازی هەولیر ٥ – ئازاد حسین هەلەبجە.

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
٢٥ / ١ / ٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

Address: PL 3
00391 Helsinki - Finland
fediraq@welho.com
Fax : 00 358 9 2419493